# کەنیزەک



# تەپڵی دەستی مولحیدان

نووسینی

سعد عبدالكريم

# کەنیزەک

# تەپڵی دەستی مولحیدان

(بەکەنیزەک کردن، ڕەحمەتە بۆ ژنانی دوژمن)

نوسینی

سعد عبدالکریم

پێداچونەوەی

لیژنەیەک لەمامۆستایان

ناوی ناميلكه: كەنيزەك، تەپڵی دەستی مولحدان

نوسين: سعد عبدالكريم

پێداچونەوە: ليژنەيەك لەمامۆستايان

ديزاين: م. بيلال جلال حداد.

ساڵی نوسين: 2020

## کەنیزەک

### تەپڵی دەستی مولحیدان

بەکەنیزەک کردن، ڕەحمەتە بۆ ژنانی دوژمن

**بەناوی خوای گەورە**

**دوای پێداچونەوەی وردی نوسراوی برامان بەڕێز (سعد عبدالكريم) کەداوایان کردبوو پێیدابچینەوە، نوسینێکی کورت و پوخت و ڕون و بەزانست و بەڵگەبوو -ما شاء الله- ، خوای گەورە زیاتر زانین و کردار و تێگەشتنی پێ ببخەشێت، دەست خۆشی لێ دەکەین، خوای گەورە لێی قبول بکات و لەهەموانی قبول بکات، سوپاس بۆ خوای گەورە کە پوختەیەکی زۆر باش و سەرنجڕاکێش و بەزانست و بەپێزبوو.**

**دوای سەرکەوتن و قبوڵ دەکەم لە خوای گەورە بۆ ئێمە و بۆ برای نوسەرمان.**

**لیژنەی پێداچونەوە**

24 ی ئازار 2020

## پێشەکی:

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، صەڵاوات و سەلام بۆ سەر خۆشەویستمان پەیامبەری ئەکرەم.

سوپاس بۆ خوای بەخشندە کە یارمەتی داین لەسەر نووسینی ئەم نامیلکەیە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتی "کەنیزەک لە ئیسلامدا" و دەرخستنی ئەو حیکمەت و ئامانج و مەبەستانەی کە شەریعەتی ئیسلام لەم پرۆسەیەدا هەیەتی.

بەڕێزانی خوێنەر لەم بابەتەدا پشتیوان بە خوا وەڵامی ئەم چەند خاڵە دەدەینەوە:

یەکەم: دەستبەسەر (السبی) چیە؟ کەنیزەک (ملک الیمین) چیە؟

دووەم: بەکۆیلە کردن چۆن بووە پێش ئیسلام؟

سێیەم: مەرجەکانی بەکەنیزەک کردن چیە و کێ دەکرێتە کەنیزەک لە ئیسلامدا؟

چوارەم: مافەکانی کەنیزەک چین؟

پێنجەم: ئەو کارانەی کە حەرامن لە بابەتی کەنیزەک دا چین؟

شەشەم: بەکەنیزەک کردن یان ئیهمال کردن؟

## یەکەم: دەستبەسەر (السبی) چیە؟ کەنیزەک (ملک الیمین) چیە؟

دەستبەسەر (السبی): بریتین دەستگیرکراوانی شەڕی نێوان موسڵمانان لەگەڵ کافران دا (جیهادی شەرعی). وشەکە زیاتر بۆ ئافرەت و منداڵ بەکارهاتووە لە زمانی عەرەبیدا، چونکە زیاتر ئەو دوو چینە لە شەڕدا دەستگیر دەکرێن، و بە گشتی پیاوان دەکوژرێن یان هەڵدێن لە شەڕدا.

کەنیزەک (ملک الیمین):

* لەڕووی زمانەوانیەوە: واتە (ئافرەتانی ژێردەستەکراو یان دەستگیرکراو). (معجم المعاني)

* لەڕووی زاراوەی بەکارهێنان (اصطلاح): ئەو ئافرەتانەن کە لە شەڕی نێوان موسوڵمانان و ناموسوڵمانانداندا دەستگیر دەکرێن و ڕاسپاردەی پیاوێکی موسوڵمان دەکرێن بەپێی ڕێوشوێنی شەرعی.

وەک ئاشکرایە لە ئیسلامدا بە گشتی دروست نیە لە شەڕدا (پیاوی پیر، ژن، منداڵ، و ئاژەڵ) بکوژرێن و نابێت (دار و درەخت) ببڕدرێنەوە و لەناو ببرێن با هی کافر و ناموسڵمانیش بن، لە ئیسلامدا ئەو ئافرەتانەی لەناو سوپای بێباوەڕاندان، بەڵام ڕاستەوخۆ شەڕ ناکەن، ئەوا دوای دەستگیرکردنیان ناکوژرێن، بەڵکو ڕاسپاردە دەکرێن. ئەمەش کۆدەنگی زانایانی لەسەرە. وەکو لەخوارەوە دەیخەینەڕوو:

* ابن حزم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: "واتفقوا انه لا يحل قتل صبيانهم ولا نسائهم الذين لا يقاتلون" (مراتب الاجماع – ص201)

واتە: "زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کوشتنی ئەو منداڵ و ژنە بێباوەڕانەی کە (ڕاستەوخۆ) شەڕ ناکەن حەڵاڵ نیە"

* ئیمامي النووى (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: " اجمع العلماء على العمل بهذا الحديث (نهى رسول الله –صلى الله عليه وسلم- عن قتل النساء و الصبيان) و تحريم قتل النساء و الصبيان اذا لم يقاتلوا" (شرح صحيح مسلم – ج12 – ص36)

واتە: "زانایان کۆدەنگن لەسەر کارکردن بەم فەرموودەیەی کە ( پێغەمبەر –صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە کوشتنی منداڵ و ژن) و کوشتنی منداڵ و ژنان حەرام دەکەن، ئەگەر (ڕاستەوخۆ) شەڕ نەکەن"

## کەواتە ژنانی دەستگیرکراو لە جەنگدا حوکمیان چی دەبێت؟

### کەواتە ژنانی دەستگیرکراو لە جەنگدا حوکمیان چی دەبێت؟

ئەمیر و خەلیفەی موسوڵمانان بڕیار دەدات لەسەر چارەنووسی ئەو دەستگیر کراوانە، بە یەکێک لەو ڕێگایانەی کە شەریعەتی ئیسلام دایناوە، ئەوانیش:

- یان بێبەرامبەر ئازاد ئەکرێن.
- یان بە فیدیە ئازاد ئەکرێن (بە پارە یاخود دیل بە دیل)
- یان ئەکرێنە کەنیزەک.

خوای گەورە دەفەرموێت " **فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا**" (**سورة محمد** 4)

واتە: "دەستگیرکراوانی جەنگ: یان منەتیان بەسەردا بکەن و بێبەرامبەر ئازادیان بکەن، یاخود بەرامبەر فیدیەیەک ئازادیان بکەن (جا فیدیەکە پارە بێت یان دیل بە دیل بێت) هەتاوەکو ئاسەواری شەڕ تەواو دەبێت و کۆتایی دێت"

### کێ چارەنووسی ئەم دەستگیر کراوانە یەکلایی دەکاتەوە و بڕیاری لەسەر دەدات؟!

دەبێت خەلیفەی موسوڵمانان چارەنووسی ئافرەتە دەستگیرکراوەکان بە یەکێک لەم ڕێگایانە یەکلایی بکاتەوە (بێبەرامبەر ئازاد کردن – بە فیدیە ئازاد کردن – بە کەنیزەک کردن).

ئەم بڕیارەش خەلیفەی موسوڵمانان نابێت لە خۆیەوە بیدات، بەڵکو سەیری بارودۆخی ئەوکاتە دەکات و کامەی مەصڵەحەتی موسوڵمانانی تێدا بوو، پێویستە ئەوەیان بکات.

چەندین نموونەمان هەیە لە مێژوودا کە خەلیفەکانی موسوڵمانان ئافرەتانی دەستگیر کراوی جەنگیان نەکردووە بە کەنیزەک و ئازادیان کردوون بەبێ بەرامبەر، وەکو صلاح الدینی ئەیوبی لە جەنگی دژی خاچ پەرستان دا ئافرەتانی دەستگیر کراوی بێبەرامبەر ئازاد کرد و نەیکردنە کەنیزەک.

واتە مەرج نیە هەموو کات ئافرەتانی دەستگیرکراو بکرێنە کەنیزەک، بەڵکو بەپێ بارودۆخی ئەوکاتەی موسوڵمانان خەلیفەی موسوڵمانان ئەم بڕیارە دەدات و ڕەچاوی مەصلەحەتی گشتی دەکات.

### ئایا هەموو ئافرەتانی دەستگیرکراوی جەنگی نێوان موسوڵمانان و ناموسوڵمانان دەتوانرێت بکرێنە کەنیزەک؟

زانایان دوو ڕای جیاوازیان هەیە:

1- ابن عبدالبر دەفەرموێت: جمهوری زانایان (لەوانە ئیمامی شافعی و مالک و احمد) لەسەر ئەوەن کە تەنها ئەو ئافرەتە

دەستگیرکراوانە بەحەڵاڵ دەزانن بکرێنە کەنیزەک کە ئەهلی کیتابن (واتە مەسیحی یاخود جولەکەن). (الأستذكار-ج16- ص265).

لەو زانایانە :

* ئیمامي النووی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: "واعلم ان مذهب الشافعي ومن قال بقوله من العلماء ان المسبية من عبدة الأوثان وغيرهم من الكفار الذين لا كتاب لهم لا يحل وطؤها بملك اليمين حتى تسلم، فمادامت على دينها فهي محرمة" (شرح صحيح مسلم –ج10– ص31)

واتە: " بزانە کە مەزهەبی شافعی و هەموو ئەو زانایانەی لەسەر ئەو مەزهەبەن، لەسەر ئەوەن کە ئەو ئافرەتە دەستگیر کراوانە ئەگەر بت پەرست بن، یاخود بێباوەڕ بن و ئەهلی کیتاب نەبن، سەرجێی کردن لەگەڵیان دروست نیە هەتا موسوڵمان دەبن، وە هەتاوەکو لەسەر دینەکەی خۆیان (بێباوەڕیەکەیان) بمێننەوە حەرامە سەرجێیان لەگەڵ بکرێت"

* پرسیار کرا لە ئیمامی مالک (ڕەحمەتی خوای لێبێت): ئایا دروستە سەرجێی کردن لەگەڵ کەنیزەکێکدا کە ئەهلی کیتاب نەبێت ؟ فەرمووی: نەخێر، سەرجێی لەگەڵ ناکرێت هەتا پاک نەبێتەوە لە سوڕی مانگانە و موسوڵمان نەبێت. (المدونة 2\220)

* ابن حزم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: " دروستە ئینسانی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ ئەهلی کیتاب لە مەسیحی و جولەکە و مەجوسیەکان بکات، وە دروست نیە سەرجێی لەگەڵ کەنیزەکێکی ناموسوڵمان (جگە لە ئەهلی کیتاب) بکات، چونکە زەواج کردن لەگەڵیان دروست نیە"

2- بەشیکی تر لە زانایان وەکو (ابن قدامە – الصنعانی – الشوکانی) ڕایان وایە کە دروستە هەموو ئافرەتێکی ناموسوڵمان بکرێتە کەنیزەک، بەڵام دروست نیە بە زەواجی نیکاح ئەو کەنیزەکانە مارە بکەن کە ئەهلی کیتاب نین (واتە دروست نیە بەلایانەوە کەنیزەکی غەیری ئەهلی کتاب بکەنە هاوسەری هەمیشەییان). بۆ ئەم بابەتە دەتوانیت سەیری کتێبی (جامع احکام النساء- ج 4 – ص 650) بکەیت.

## پێش ئیسلام بەکەنیزەک کردن چۆن بووە ؟!!

## دووەم: باری دەستبەسەرانی جەنگ لە پێش ئیسلام چۆن بوو؟

پێش ئیسلام بەکەنیزەک کردن نەبووە، بەڵکو بەکۆیلە کردن هەبووە کە چەوسانەوەیەکی بێ وێنە و تاڵ و خراپ و قیزەون بوو، هەر ئافرەتێک لەشەڕدا دەستگیر بکرایە ڕاستەوخۆ دەکوژرا یاخود دەکرا بە کۆیلە و بەندە، لێرەدا زۆر گرنگە بزانین بە کۆیلەکردن و بەکەنیزەک کردن زۆر جیاوازن لە یەکتر. چونکە کۆیلە هیچ مافێکی نیە و گەورەکەی دەتوانێت هەموو کارێکی شیاو و نەشیاوی پێ بکات و هەموو جۆرە سوکایەتیەکیان پێ کردووە و هیچ دەوڵەت و گروپێکیش نەبوون ببنە خەمخۆر و وەلی ئەمر و سەرپەرشتی بۆ ئەوەی هەرجۆرە مافێکی بۆ دابین بکەن.

ئەوەی مێژووی بەکۆیلە کردن و کۆیلایەتی بخوێنێتەوە لەبەر تەوژمی ئیلحاد و کوفر و شیرک و بتپەرست و خاچپەرست و ئاگرپەرست و تەنانەت بەناو فەلسەفیەکان و دانایانی یۆنانی و هاوشێوەکانیان، بێزی لە مرۆڤ و مرۆڤایەتیان دێتەوە و مەیلی ئەوە دەکات پڕ بەگەرووی هاوار بکات لەتاو ئەوەی بەسەر مرۆڤایەتی و ئافرەت بەتایبەتیدا هێناویانە.

بەڵام لە ئیسلامدا بەکۆیلەکردنی خەڵکی حەرامە (بە تێگەشتنی جاهیلی بۆ کۆیلە و بەو شێوازەی ئەوان)، بەڵکو ژنانی ئەهلی کیتاب

که دەستگیر دەکرێن دەتوانرێت بکرێنە کەنیزەک، کە ئەویش جۆرێکە لە هاوسەرگیری و دەوڵەت دەبێتە وەلی ئەمری ئافرەتەکە و مافەڕەواکانی بەپێی شەریعەتی دادپەروەری ئیسلام بۆ دەستەبەر دەکات و چاودێری ژیان و گوزەرانی دەکات.

## کەوابێت ئیسلام چ گۆڕانکارییەکی هێناوە بۆ ئەم باسە؟

## سێهەم: مەرجەکانی بە کەنیزەک کردن چین لە ئیسلامدا؟

1- پێویستە ئەو ئافرەتە لە ڕیزی سوپای بێ باوەڕاندا بووبێت. واتە بەشداری شەڕەکەی کردبێت.

2- پێویستە ئەو ئافرەتە ئەهلی کیتاب بێت (واتە مەسیحی یاخود جولەکە بێت)، جگە لەو دووانە ناتوانرێت بکرێتە کەنیزەک و سەرجێی لەگەڵ بکرێت.

(ئەمە لەسەر ڕای ئەوانەی کە باسمان کردن و وتمان پێیان حەرام بووە جگە لە ئەهلی کیتاب بکرێنە کەنیزەک)

3- پێویستە هەر پیاوێکی موسوڵمان بەپێی گرێبەستێک (کە لەنێوان دەوڵەت و پیاوە موسوڵمانەکەدا دەبەسترێت) ئافرەتەکە بکاتە کەنیزەکی خۆی، کە دوایش دەوڵەت چاودێری پیاوەکە دەکات لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئافرەتەکەدا، ئەگەر بزانرێت ئەو پیاوە بەشێوەیەکی نامرۆڤانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەتەکەدا دەکات، دەوڵەت بۆی هەیە گرێبەستەکەی هەڵوەشێنێتەوە و ئافرەتەکەی لێ بسەنێتەوە. وە هەر پیاوێک بەبێ هەبوونی ئەم گرێبەستە سەرجێی لەگەڵ ئافرەتێکی دەستگیر کراودا بکات، حەددی زینای لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

ئیمامی شافعي (رحمه الله) دەفەرموێت: " واذا اغتصب الرجل الجارية ثم وطئها بعد الغصب وهو من غير اهل الجهالة اخذت منه الجارية والعقر واقيم عليه حد الزنا" (كتاب الأم – ج3 – ص 253 )

واتە: "ئەگەر پیاوێکی موسوڵمان سەرجێی لەگەڵ کەنیزەکێک کرد (بەبێ بەستنی هیچ گرێبەستێک) ئەوە کەنیزەکەکەی لێ دەسەنرێتەوە و حەددی زیناشی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، جگە لە پیاوێک کە بەم حوکمەی نەزانیبێت و عیلمی نەبووبێت دەربارەی".

له خاڵی دووەمدا زانیمان کۆیلە مافی نەبووە لای ناموسڵمانان، ئەی کەنیزەک لە ئیسلامدا چ مافێکی بۆ دەستەبەر کراوە؟

چوارەم: مافەکانی کەنیزەک چین لە ئیسلامدا؟

1- دەبێت ئەو پیاوە شوێنی نیشتەجێ بوونی بۆ دابین بکات.

2- دەبێت لە هەمان ئەو جل و بەرگەی بۆ بکات کە بۆ ماڵ و منداڵەکەی دەکات.

3- دەبێت لە هەمان جۆری ئەو خواردنەی بداتێ کە پیاوەکە خۆی و ماڵ و منداڵەکەی دەیخوات.

4- نابێت ئیشێکیان پێ بسپێردرێت کە لە توانایاندا نەبێت.

بەڵگەمان چیە بۆ ئەم قسانەمان ؟

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: "هم اخوانكم جعلهم الله تحت ايديكم، فاطعموهم مما تاكلون، والبسوهم مما تلبسون، ولا تكلفوهم ما يغلبهم فان كلفتموهم فاعينوهم." (البخاري 6050، ومسلم 1661)

واتە: "ئەوانە (خوشک) و براتانن، خوای گەورە خستونیەتیە ژێر دەسەڵاتی ئێوە، لەو خواردنەیان بدەنێ کە خۆتان دەیخۆن، لەو

پۆشاکەیان بدەنێ کە خۆتان ئەیپۆشن، ئیشێکیان پێ مەسپێرن کە لە توانایاندا نیە، ئەگەریش ئیشێکتان پێ سپاردن یارمەتیان بدەن"

5- نابێت بە هیچ شێوەیەک سوکایەتی پێ بکرێت. تەنانەت بۆی نیە پێی بڵێت "عەبدەکەم" یاخود هەر وشەیەکی تر کە سوکایەتی پێکردن بگەیەنێت.

6- لە مێردە کۆنەکەی چەند منداڵی بۆ بەجێ مابێت، دەبێت ئەم پیاوە هەموویان بەخێو بکات و نابێت بە هیچ شێوەیەک منداڵەکان لە دایکیان جیا بکەنەوە. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: "مَنْ فرَّقَ بينَ والدةٍ وولدِها ، فرَّقَ اللهُ بينَه وبينَ أحبَّتِه يومَ القيامةِ"

(حديث حسن اخرجه الترمذي- 1566 )

واتە: "هەرکەسێک منداڵ و دایکەکەی لەیەک جیا بکاتەوە، خوای گەورە لە قیامەتدا لە خۆشەویستانی جیا دەکاتەوە"

7- کاتێک ئەم کەنیزەکە منداڵی دەبێت لەو پیاوە، ئەوە دەبێتە خێزانی هەمیشەیی ئەو پیاوە، بە مردنی پیاوەکەش ئەو ژنە دەبێتە کەسێکی ئازاد (تەنانەت ئەگەر منداڵەکەی لەباریش بچێت یان بۆ ماوەیەکی کەم بژیت).

8- ئەو منداڵەی لەم پرۆسەیەدا دروست دەبێت، کەسێکی تەواو ئازادە و هەموو مافێکی هەیە وەک هاوڵاتیەکی پلە یەک لە وڵاتدا،

تەنانەت لە مێژووی ئیسلامدا منداڵی کەنیزەک بۆتە خەلیفەی موسوڵمانان. وەکو خەلیفە (معتصم بالله) کە دایکی کەنیزەک بووە و ناوی (ماردة) بووە.

9- نابێت بە هیچ شێوەیەک زۆری لێ بکرێت بۆ گۆڕینی ئاینەکەی. (لا اكراه في الدين)

10- ئەگەر پیاوێک لە کەنیزەکەی بدات، سوننەت وایە ئازادی بکات، وەکو کەفارەتێک بۆ ئەو تاوانەی کردوویەتی. عن ابن عمر (رضی الله عنه) قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول "من لطم مملوكه او ضربه فكفارته ان يعتقه" (رواه مسلم- 1657)

واتە: ابن عمر (ڕەزای خوای لێبێت) وتی: گوێم لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو دەیفەرموو: " هەرکەسێک لە ژێردەستەکەی بدات، کەفارەتەکەی ئەوەیە کە ئازادی بکات"

11- ئەگەر ئەم ئافرەتە ڕازی نەبوو بەم بەکەنیزەک بوونە، ئەوا مافی ئەوەی هەیە کە خۆی ئازاد بکات لە بەرامبەر فیدیەیەکدا (جا فیدیەکە پارە بێت یاخود ئیش کردن بێت بۆ خاوەنەکەی) بۆ ماوەیەک و بەو بڕەی کە ڕێک دەکەون لەسەری. ئەمەش لە قورئاندا بە (الكتابة – گرێبەستی ئازاد بوون) ناسراوە و قورئان موسوڵمانانی هەڵناوە کە ئەگەر ژێردەستەکانیان داوای گرێبەستی ئازادبوونیان کرد , ئەوە با

گرێبەستیان بۆ بنووسن. تەنانەت پیاوانی موسوڵمان هەڵدەنێ کە پارە بدەنە کەنیزەکەکان بۆ ئەوەی بتوانن خۆیانی پێ ڕزگار بکەن.

قال الله تعالى: " **وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا وَآتُوهُم مِّن مَّالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ**" (النور33)

واتە: "ئەو کەنیزەکانەی دەیانەوێت خۆیان بکڕنەوە، ئەوە ئێوە لەگەڵیاندا ڕێک بکەون و ڕێگەی ئازادییان بۆ ئاسان بکەن، ئەگەر خێرتان تێدا بەدی دەکردن ، وە لەو ماڵ و سامانەی کە خوا پێی بەخشیوون بەشیان بدەن (بۆ ئەوەی خۆیانی پێ ئازاد بکەن)"

تێبینی: تاکە مافێک کە کەنیزەک نیەتی لەکاتی پێدانیدا بە پیاوێک، مافی هەڵبژاردنی ئەو پیاوەیە بەدڵی خۆی، چونکە ئەم ئافرەتە لە شەڕدا دەسگیر کراوە، هەتا ئەم سەردەمەی خۆشمان لە یاسای هیچ وڵاتێکدا نیە کە ئەسیری جەنگ بەم شیوەیەی ئیسلام مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هیچ یاسایەکی زەمینی جیاوازی نەکردووە لەنێوان ئەسیری ژن و پیاو لە شەڕدا، لە زۆرینەی زۆری حاڵەتەکاندا ڕاستەوخۆ حوکمی ئیعدامی بەسەردا ئەسەپێنن، یاخود زیندانی هەتا هەتایی ئەکرێت. بەڵام لە ئیسلامدا ئافرەتی دەستگیر کراو زیندانیش ناکەن (دوای تەواو بوونی شەڕ)، بەڵکو ئەدرێتە دەست پیاوێکی موسوڵمان و پەروەردە و چاودێری ئەکرێت. ئایا بدرێت بە پیاوێک و

سەرپەرشتیارێکی بۆ بدۆزرێتەوە یاخود ڕاستەوخۆ بکوژرێت یان زیندانی هەتا هەتایی بکرێت، کامیان باشترە ؟؟

ئەگەر ئافرەتەکە زۆر زۆر ناڕازی بوو بەرامبەر بەو بڕیارە، دەتوانێت خۆی بکڕێتەوە و داوای نووسینی گرێبەستی ڕزگاربوون بکات لە بەرامبەر کارکردن یاخود پارە (وەکو لە پێشەوە لە خاڵی 11 باسمان کرد).

بۆیە تەحەددای هەموو عەلمانی و مولحیدانی سەرانسەری دونیا ئەکەم، یاسایەکم بۆ بهێنن جوانتر و باشتر لەم یاسایە مامەڵەیە بکات لەگەڵ ئەسیری جەنگ دا.

ئەوەی زۆر گرنگە لەم بابەتەدا ئاگاداری بین، ئەوەیە کە ئێمە باس لە ئافرەتێکی ناموسوڵمانی ئاسایی ناکەین، بەڵکو باس لە ئافرەتێک دەکەین کە هاتۆتە ڕیزی سوپای ناموسوڵمانان و ئامادەیە موسوڵمانان بکوژێت، بۆیە کاتێک شکست دەهێنن لە شەڕەکەدا و موسوڵمانان دەستگیری دەکەن، ئینجا سەرەڕای ئەوەش بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە باسی دەکەین. کێ هەبووە ماف بداتە ئەسیری جەنگ جگە لە ئیسلام ؟!!! کێ هەبووە جگە لە کوشتن و زیندانی هەمیشەیی ڕێگەیەکی تر دابنێت بۆ دەستگیرکراوانی جەنگ ؟!!

## پێنجەم: ئەو کارانەی کە حەرامن لە بابەتی کەنیزەکدا ئەنجام بدرێن چین؟

1- نابێت دوو خوشکی کەنیزەک بدرێن بە هەمان پیاو، واتە پیاوێک ناتوانێت لە هەمان کاتدا دوو خوشک بکاتە کەنیزەک لای خۆی، یاخود دایک و کچ...هتد، کە ئەمەش هەمان ماف و یاسای کچان و ئافرەتانی ئازادی موسڵمانە. بەشێکە لە دادپەروەری ئیسلام کە هەندێ ئاسای ئازادەکانی ئیمانداران ئەم کەنیزەکانە دەگرێتەوە ئەگەرچی موسڵمانیش نین..

ئیمامی شافعی سەبارەت بەم ئایەتە {وان تجمعوا بين الأختين الا ما قد سلف} دەفەرموێت: " فلا يحل الجمع بين الأختين بحال من نكاح ولا ملك يمين لأن الله تبارك وتعالى انزله مطلقا" (كتاب الأم –ج5 – ص3)

واتە: "دروست نیە هێنانی دوو خوشک لە هەمان کاتدا (هەردووکیان زیندوو بن) نە لە هاوسەرگیری ئاساییدا و نە لە کەنیزەک دا، چونکە خوای گەورە بە ڕەهایی نەهی لێ کردووە لەو ئایەتەدا"

2- نابێت پیاوە موسوڵمانەکە سەرجێی لەگەڵدا بکات هەتا یەک جار سوڕی مانگانەی تەواو نەبێت و پاک نەبێتەوە. بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا پێش ئەوەی ببێت بە ژنی ئەم پیاوە موسوڵمانە منداڵی لە سکدا

نەبووە لە مێردی پێشووتری، ئەگەر دەرکەوت منداڵی هەیە، پێویستە ئازاد بکرێت هەتا منداڵەکەی دەبێت. (منداڵەکەی کەسێکی ئازاد و هاوڵاتیەکی پلە یەک دەبێت لە دەوڵەتە ئیسلامیەکەدا و مافی بەخێوکردنی ئەکەوێتە سەر ئەو پیاوەی کە ئافرەتەکە لە ئەستۆ ئەگرێت).

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: "**لا توطأ حامل حتى تضع، ولا غير حامل حتى تحيض حيضة**" (رواه احمد 3/ 28، والحاكم 2/ 212، وصححه على شرط مسلم).

واتە: "پیاو نابێت بچێتە لای ژنێک (ژنێک بهێنێت) کە سک پڕ بێت، هەتا سکەکەی دانەنێت. وە ناتوانێت بچێتە لای ژنێک کە لە سوڕی مانگانەدا بێت، هەتا سوڕەکەی تەواو نەبێت"

3- دروست نیە بە هیچ شێوەیەک کاری نەشیاو بەم ئافرەتانە بکرێت، بەڵکو پێویستە شەرەف و ناموس و کەسایەتیان بپارێزرێ، کە هەر ئەمەشە ئامانجی ئەم پرۆسەیە. خوای گەورە دەفەرموێت: "**وَلا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ**" (النور33)

واتە: "کەنیزەکەکانتان هەڵمەنێن لەسەر خراپەکاری و بۆ کاری خراپ بەکاریان مەهێنن"

شەشەم: بەکەنیزەک کردن یان ئیهمال کردن.

گرنگترین خاڵ لەم بابەتەدا ئەم خاڵەیە، چونکە هۆکاری سەرەکی هەڵەتێگەشتنی مولحید و عەلمانیەکانە بۆ ئەم بابەتە، ئەوان وادەزانن بەکەنیزەک کردن بۆ بەکۆیلەکردنی ژنانە و تاکە ئامانج لێی زەلیل کردنی ژنانە و بەکارهێنانیانە وەکو ئامێرێکی سێکسی و تەنها بۆ چێژ وەرگرتنیانە، وە هەمیشە بە جۆرێک باسی کەنیزەک دەکەن کە ئافرەتێکە زنجیر کراوەتە گەردنی و سوکایەتی پێ دەکرێت و لە ماڵێکدایە خزمەتی کۆمەڵیک پیاوی شەهوەتباز و داوێن پیس دەکات (کە ئەم تێروانینەی خۆیان بۆ بابەتەکە کردووە بە چەند فیلم و دراما و شانۆیەک و هەر پۆستێکیش ئەکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وێنەیەکی ئەم فیلمانە بەکاردەهێنن کە کۆمەڵێک ئافرەت بە زنجیر بەستراونەتەوە و لە بازاڕدا موسوڵمانان کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکەن و پیاوە شەهوەتبازەکان داوێن پیسیان پێوە دەکەن، بۆ چەواشەکردنی خەڵکی و ناشرین پیشاندانی بابەتەکە)، وەک چۆن لای ڕۆژئاواییە هاوبیرەکانیان ئافرەت لە مەلها و دیسکۆکان بەکار دەهێنرێت بۆ ئەم کارە و تا ئێستا هیچ مولحیدێک لەسەر مافی ئەو ژنانەی لە دیسکۆکانی ئەوروپا ڕۆژانە دەست درێژی و سوکایەتیان پێ دەکرێت پۆستێکی نەکردووەو لایڤێکی نەکردۆتەوە، هەڵوێستێکی نەنواندووە. بەڵام ئامادەیە هەموو شەوێک پۆستێک بکات یاخود لایڤ بکاتەوە و دەیان

و سەدان درۆ بکات و مێژوو بشێوێنێت و خەڵکی چەواشە بکات لەسەر ئەم بابەتی کەنیزەکە لە ئیسلام دا.

ئەو تێگەشتنەی مولحیدەکان هەیانە بۆ پرۆسەی بەکەنیزەک کردن، تێگەشتنێکی تەواو دوورە لەو ئامانج و مەبەستەی کە ئیسلام هەیەتی بۆی.

لە ئیسلامدا ئافرەت بۆیە دەکرێتە کەنیزەک تا لە دوای جەنگ ئافرەتە بەجێماوەکان بێ سەرپەرشت نەبن و پیاوێک ببێتە سایە و سێبەریان و لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە پاڵپشتی خۆیان و مناڵە بەجێماوەکانیان بێت.

## جیاوازی سیستەمی ئیسلام و سیستەمی عەلمانیەت

## حەوتەم: جیاوازی سیستەمی ئیسلام و سیستەمی عەلمانیەت لە چارەسەری ئەو کێشانەی کە دوای جەنگ ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبێتەوە.

ئیسلام بۆ هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان باشترین چارەسەر و نایابترین پرۆژەی هەیە.

لە ئیسلامدا: " ئامانج پاراستنی بەهای مرۆڤە" واتە هەموو شتەکان دەبێت بخرێنە خزمەتی مرۆڤەوە و باشترین چارەسەر دابنرێت بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤەکان لە هەر کۆسپ و تەگەرە و ناخۆشیەک.

بەڵام لە عەلمانیەتدا "ئامانج بەدەستهێنانی ئابوری و پارەیە" واتە مرۆڤایەتی دەخرێتە خزمەتی پارەوە، کێ پارە و هێزی زیاتر بوو ئەوە باشترینە. بۆیە کاتێک وڵاتان داگیر دەکەن، تاکە شت بەلایانەوە گرنگ بێت چۆنیەتی بردنی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتەیە، ئیتر خەڵکەکەی لە برسا ئەمرن، ئەکوژرێن، کەم ئەندام ئەبن، منداڵ و ژن بێ سەرپەرشت و هەتیو ئەکەون ...هتد، ئەمانە هیچ گرنگ نین لای دەسەڵاتدار و سیستەمی عەلمانیەت.

لە بەرامبەردا ئەو سیستەمەی ئیسلام دایناوە بۆ بارودۆخی دوای جەنگ، چەندین کاریگەری زۆر باشی هەبووە لە کۆمەڵگادا، لەوانە:

1- ئافرەتانی بەجێماو لە شەڕ بێ سەرپەرشت ناکەون و پیاوێک دەبێتە سەرپەرشتیان و کاروباری ڕۆژانەیان لە ئەستۆ ئەگرێت. بەڵام لە سیستەمی عەلمانیەتدا هیچ حسابێک بۆ ئەم ژنانە نەکراوە کە مێردەکانیان لەدەست داوە لە شەڕەکەدا.

با بە نمونەیەکی واقیعی بەراوردێک بکەین لە نێوان سیستەمی عەلمانی و سیستەمی ئیسلامدا... کاتێک ئەمریکا عێراقی داگیر کرد، بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (ڕۆیتەرز) و ڕێکخراوی (IBC)، بەهۆی جەنگی ئەمریکاوە بۆ سەر عێراق زیاد لە (1 ملیۆن و 500 هەزار) ئافرەت بێوەژن کەوتوون، وە بەپێی ڕاپۆرتێکی UNICEF زیاد لە (4 ملیۆن) منداڵ بێ سەرپەرشت کەتوون لە عێراق دا...

ئەمریکا چی کرد بۆ ئەم ژن و منداڵانە ؟!!

هیچ ...! بێ سەرپەرشت بەجێی هێشتن...!

حاڵی ئەم ژنانە لە ساڵی 2003 وە هەتا ئێستا چی بووە ؟!!

بەشێکیان خۆیان و منداڵەکانیشیان سواڵ ئەکەن بۆ بەدەست هێنانی قووتی ژیانیان ، کە ڕۆژانە سووکایەتیەکی زۆریان پێ ئەکرێت ، کە ئەگەر پێی بڵێیت وەرە بتکەمە کەنیزەک و ئەو مافانەت ئەدەمێ (کە پێشتر ئاماژەمان پێدا) نەک هەر ڕازی ئەبێت ، بەڵکو هەزاران جاریش سوپاست ئەکات.

بەشێکی تری ئەم ژنانە بەداخەوە دەستیان داوەتە لەشفرۆشی بۆ پەیدا کردنی بژێویان. بەشێکیشیان بە خێرو خێراتی موسوڵمانان ئەژین یاخود موسوڵمانێک کردوویەتی بە ژنی دووهەمی، کە مولحید و عەلمانیەکان دژی ئەمەشن، تەنها هۆکاریش کە دژایەتی فرە ژنی ئەکەن ئەوەیە کە ئەیانەوێت ژنانی موسوڵمان بێ سەرپەرشت بکەون و پاشان بە ئاسانی بکەونە دەستیان. هەموو هەوڵی عەلمانیەت بۆ ئافرەت ئەوەیە کە ئەو ئافرەتە دابڕن لە باوک و برا و مێردەکەی، بە ناوی ئازادی و مافی ئافرەت، پاشان ئافرەتێکی بێ کەس و بێ سەرپەرشت بە ئاسانی بکەوێتە دەستیان و ئەوانیش چی نەشیاوە لەگەڵی بکەن و بیکەنە مۆدێل و ڕیکلامی جل و بەرگ و پێڵاو و سابوون و عەلاگە و ... هەموو شتێکی شیاو و نەشیاو.

بەڵام ئیسلام درکی بەوە کردووە کە ئەگەر ژنانی کۆمەڵگا (پەروەردەکەری نەوەی داهاتوو) بێ سەرپەرشت بکەون، ئەوە کارەسات دروست ئەبێت لە کۆمەڵگادا، بۆیە تەنانەت ڕێگەی نەداوە کە ژنانی سوپای دوژمنیش بێ سەرپەرشت بکەون و هەر زوو سپاردوویانن بە پیاوێکی موسوڵمان و پیاوەکە بۆتە سەرپەرشتیاری خۆی و منداڵەکانی.

2- عەلمانیەت هیچ حسابێک بۆ فکر و هزری خەڵکانی ئەو وڵاتە ناکات کە داگیری دەکات، بەڵکو هەوڵی تەواو دەدات لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیەوە خەڵکی بەرەو جەهل و نەزانی بەرێت و سەرقاڵیان بکات بە شتی بێ سوودەوە، وەکو بەچاوی خۆمان ڕۆژانە لە عێراق و کوردستاندا دەبینین ڕاگەیاندنەکان خەڵکیان گەیاندۆتە چ ئاستێک و شەو و ڕۆژ مەشغوڵیان کردوون بە شتی بێ بنەمای وەکو (ڤیستیڤاڵی شاجوان و ڤیستیڤاڵی ڕەنگەکان و جەژنی هالۆوین و شەوە ئاهەنگ و لایف میوزیک....هتد) دەیان و سەدان شتی بێ مانای تر.

بەڵام ئیسلام هەوڵی داوە تەنانەت دەستگیر کراوانی سوپای دوژمنیش لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ هیدایەتدانیان و دەرهێنانیان لە شەوەزەنگی کوفر و گومڕایی و بەرەو ڕووناکی ئیسلام ڕێنموونیان بکات و لە دونیا و قیامەتدا سەربەرزیان بکات.

کە ئەوەش ئامانجی سەرەکی ئەم دینەیە { كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ} (سورة ابراهيم - 1-)

واتە: " ئەی محمد، ئەم قورئانە کتێبێکە دامانبەزاندووە بۆت تا خەڵکی لە تاریکیەکانی (بێ باوەڕی و نەزانی و سەرلێشێواوی)

دەربهێنێت، بەرەو نوورو ڕۆشنایی ئیمان، بەویستی پەروەردگاریان، تا دەگەنە ڕێبازی ڕاستی ئەو خودایەی کە باڵادەست و شایستەی سوپاسە"

بۆیە لە مێژوودا زۆرێک لە کەنیزەکەکان موسوڵمان بوون کاتێک زانیویانە ئیسلام ئاینێکی پاک و بەسوودە بۆ مرۆڤایەتی و پیاوە موسوڵمانەکانیش باش مامەڵەیان لەگەڵ کردوون و هەموو مافەکانیان داون و بێ ڕێزیان پێ نەکراوە. گۆڕینی ئاینیش بە ویستی خۆیان بووە نەک بە زۆر.

3- ئیسلام وای کردووە ئەم کەنیزەک و بەندانە ببنە بەشێک لە کۆمەڵگا و وەچەکانیان بوونەتە هاوڵاتی پلە یەک و هەموو مافێکیان هەبووە.

لە مێژووی موسوڵماناندا یەکێک لە دەوڵەتەکان ناوی (دەوڵەتی مەمالیک) بووە. واتە دەوڵەتی کۆیلەکان.

مەمالیک: ناوەکەیان لەوەوە هاتووە کە نەژادیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵیک بەندەی بەدیلگیراو لە جەنگی موسوڵمانان بەرامبەر بێباوەڕان، منداڵ و وەچەکانیان هاوڵاتی پلە یەک بوون لە کۆمەڵگادا. هێندە خاوەن ماف بوون توانیویانە ببنە دەسەڵاتداری موسوڵمانان و

زیاتر لە دوو سەدە و نیو حوکمی میسر و شام و عێراق و هەندێک بەشی نیمچەدوورگەی عەرەبی بکەن، لە ساڵی (١٢٥٠ تا ١٥١٧ز)

بەڵام عەلمانیەت هەر وڵاتێکی داگیر کردبێ، کۆمەڵێک دز و جەردە و مافیا و ئەڵقەلەگوێی خۆی کردووە بە سەرکردەیان کە هەر ڕۆژەو جۆرە نەهامەتی و قەیرانێک بەسەر میللەتەکەدا ئەهێنن، ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانی خەڵک قورستر ئەکەن و زیاتر وڵاتەکە بەقوڕدا ئەبەن، بۆ ئەوەی هەرگیز خەڵکی ئەو وڵاتە نەتوانێت پێیان بڵێت ئێوە داگیرکەرن و سەروەت و سامانی وڵاتتان دزیوین و بچنە دەرەوە لە ژیانمان. ئێوە ئێمەتان کردووە بە کۆیلەی پێش ئیسلام و هیچ مافێکی سەرەتاییمان پێ ڕەوا نابینن.

سوێند بە خوای گەورە کۆیلەکانی سەردەمی ئیسلام زۆر لە خەڵکە (بەحساب) ئازادەکەی وڵاتانی داگیرکراوی ئەمریکای ئێستا، و بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیای جاران، خۆشتر و باشتر ژیاون و مافەکانیان زیاتر دابین کراوە. مێژوو پڕ پڕە لە وێنە و چیرۆکی قێزەونی دەسەڵاتدارانی عەلمانی بەرامبەر وڵاتانی موسوڵمانی داگیرکراو، (لەبەر درێژ نەبوونەوەی بابەتەکە نامانەوێت ئاماژەیان پێبدەین)

خۆیان خەڵکیان کردووە بە کۆیلە لەم سەدەی 21 یەکەدا، بەڵام لە ڕێی ڕاگەیاندنەکانەوە و لەڕێی بەچکە مولحیدە بەزیو و

نەزۆکەکانیانەوە داکۆکی لە مافی کۆیلەکانی چواردە سەدەی پێش ئێستای ژێر دەسەڵاتی موسوڵمانان دەکەن و فرمێسکی تیمساحیان بۆ دەرێژن.

4- ئیسلام نەک هەر سوکایەتی بە ژێردەستەکان نەکردووە، بەڵکو بە گەورە باسی کردوون و پاداشتەکەی بە دوو بەرامبەر بۆ حساب کردوون، ئەگەر بێتو موسوڵمان بن، ئەوە دوو پاداشتیان بۆ هەیە:

یەکەم: پاداشتی گوێڕایەڵی خودا.

دووهەم: پاداشتی گوێڕایەڵی خاوەنەکانیان.

ئەم تێڕوانینەی ئیسلام بۆ بەندەکان وای کردووە لە صحابەیەکی بەڕێزی وەکو ابوهریرە کە بڵێت: "**للعَبدِ المملوكِ أجرانِ والَّذي نَفسي بيدِهِ لولا الجِهادُ والحجُّ وبرُّ أمِّي ، لأحببتُ أن أموتَ وأَنا مملوكٌ**" (رواه البخاري 2548، ومسلم 1665)

واتە: " بەندەکان دوو پاداشت وەردەگرن، سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر لەبەر جیهاد و حەج و مافی دایکم نەبوایە، ئەوە حەزم ئەکرد بە بەندەیی بمرم".

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە چەندین فەرموودەدا ئامۆژگاری شوێنکەوتووانی کردووە بەوەی کە زۆر باش بن لەگەڵ کەنیزەک و ژێردەستەکانیاندا.

لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت:
" أَيُّما رَجُلٍ كانَتْ عِنْدَهُ وليدَةٌ، فَعَلَّمَها فأحْسَنَ تَعْلِيمَها، وأَدَّبَها فأحْسَنَ تَأْدِيبَها، ثُمَّ أعْتَقَها وتَزَوَّجَها فَلَهُ أجْرانِ" (رواه البخاري- برقم: 5083)

واتە: "هەر پیاوێک کەنیزەکێکی لابوو، بەجوانی فێری کرد، وە بەجوانی پەروەردەی کرد و فێری ئادابە جوانەکانی کرد، پاشان ئازادی بکات و پاشانیش بیخوازێت (بە عقدی زەواج و بیکاتە ژنی هەمیشەیی خۆی) ئەوە (لە قیامەتدا) دوو جار پاداشت دەدرێتەوە (پاداشتی پەروەردەیەکی جوان – پاداشتی ئازاد کردن و هێنانی)"

ئا ئەمە ئامانجی ئیسلام بوە لەم بابەتەدا، ڕزگار کردنی ئافرەتێکی بێ کەس، سەرپەرشتی کردنی، پەروەردە و فێرکردنی ئاداب و ئەخلاقی جوان، پاشان ئازاد کردنی، پاشانیش زەواج کردنێکی هەمیشەیی.

ئێستاش کاکی مولحید هاتووە بە عەقڵێکی بۆش و ناخێکی بۆگەن و هزرێکی لەرزۆکەوە خۆی کردووە بە داکۆکیکاری مافی کۆیلەکانی 14 سەدە پێش ئێستا و چاوی داخستووە لە ئاست ئەو

هەموو داگیرکاری و کۆیلایەتیە وەحشیگەرانەی ڕۆژانە بەبەرچاویەوە ڕوودەدات لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی عەلمانی و شیوعی و لادینەکانی هاوبیریەوە.

## له كۆتاییدا و به كورتی

## له كۆتاییدا و به كورتی دەڵێم:

* سیستەمی بەكەنیزەك كردن لە ئیسلامدا (بەو مەرج و ئەحكامانەی ئیسلام دایناوە) باشترین پلانێكە كە دوای جەنگ پەیڕەو بكرێت بۆ چارەسەری ئەو دۆخە قورسەی دوای جەنگ دروست دەبێت.

* بەكەنیزەك كردن بۆ لە ئەستۆ گرتنی ژنان و منداڵانی بەجێماوی دوای جەنگە، نەك ئیهمال كردنیان.

* بەكەنیزەك كردن بۆ پاراستنی كۆمەڵگایە لە بڵاوبوونەوەی فەساد و خراپەكاری و بێ ڕەوشتی و داوێن پیسی.

* هەمیشە شانازی بە ئیسلامەكەمانەوە دەكەین و خۆمان لە هیچ یاسا و شەریعەتێكی نادزینەوە و لە هەموو سەردەمێكدا بە باشترین و چاككترین بەرنامەی دەزانین بۆ چارەسەری كێشە كۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەكانی وڵات.

* ئەمەی لەم نووسینەدا باس كرا، ئەحكامەكانی كەنیزەك و چۆنیەتی هەڵسوكەوت بوو لەگەڵیان بەپێی ئەو شەریعەتەی كە لە قورئان و فەرموودەكان دا هاتووە ، لە غەیری ئەمە، هەر خیلافەت و گروپ و ڕێكخراوێكی ئیسلامی لە كۆن و نوێدا بە شێوازێكی تر مامەڵەی كردبێت لەگەڵ كەنیزەك دا، ئەوە ماڵ نیە بەسەر ئیسلامەوە و ئیسلام لێی بەریە.

* به مولحید و عەلمانیەکانیش ئەڵێین: دەزانین کە ئێوە کەسایەتیەکی شەهوەتبازن، هەر بابەتێکتان بۆ باس دەکرێت ڕاستەوخۆ تەنها لایەنە سێکسیەکەی دەبینن و ناتوانن و ئامادەنین بە هیچ چاوێکی تر سەیری بابەتی "ژن" بکەن. بەڵام وەکو باسمان کرد ئامانج لە بەکەنیزەک کردن زۆر گەورەتر و فراوانترە لەوەی ئێوە بیری لێ ئەکەنەوە. ئامانج لێی: لەئەستۆگرتنە، هیدایەتدانە، پاراستنە، ژیانە لە ژینگەیەکی ئارام دا، پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ و ئازادە.

* تەحەددای هەموو مولحیدان ئەکەین، لە ئێستاوە هەتا قیامەت، بتوانن چارەسەرێکی باشتر و گونجاوتر بهێنن بۆ بارودۆخی ئەو ژن و منداڵانەی کە لە دوای جەنگ دروست دەبێت. چارەسەرێک بێت بە کرداری جێ بەجێ کرابێت و لێکەوتەی باشتری هەبێت لەوەی کە چارەسەرەکەی ئیسلام هەیبووە، نەک تەنها نووسینی سەر وەرەقە و قسەی زلیان بێت.

**والسلام عليكم و رحمة الله و بركاته .**

سعد عبدالكريم محمود

23.03.2020